# لە ئایدیۆلۆژیای جەنگەوە بۆ مەکینەی نوێی پروپاگەندەی جەنگ

پێشڕەو محەمەد




٦ی مارس ٢٠٢٢ توێژینەوە

## سەرەتا

لەگەڵ دەستپێکی جەنگی ئۆکرەیندا، مۆدێلێکی نوێی مەکینەی پروپاگەندەی جەنگی سەری هەڵداوە، کە لە راستیدا ریشەی لەناو مۆدێلە کۆنەکەدا هەیە. بە شەو و رۆژێک کوی کۆمەڵگای خۆرئاوایی – کە شانازیی بەوەوە دەکات وشیارە بەرانبەر بە بیرکردنەوەی خۆی – رێک بە شەو و رۆژێک، بووە هەڵگری گوتاری میدیای باڵادەست. یاخود بە مانایەکی دیکە، میدیای خۆرئاوا، هاوشێوەی ڤاکسینی کۆرۆنا، ڤاکسینی ئایدیۆلۆژیای جەنگی لە هەر تاکێکی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان داوە و یەکپارچە بوونەتە کەرەنالێدەری جەنگ. هەر لە تازەکردنەوەی

ئایدیۆلۆژیای جەنگەوە (*Kriegsideologie*) بۆ زیندووکردنەوەی نەزمی سەربازی و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگا تا بڵاوکردنەوەی دووبارەی ڕق و کینەی ڕاسیستی بەرانبەر بە «ئەوی دیکە»، ئەم نەفرەتکردنە لە «ڕووسەکان» بەدڵنیاییەوە بیانوویەکە بۆ نەفرەتکردن لە «ئەوانەی چاوی شین و قژی زەرد»یان نییە، تا دەگاتە داتاشینی وێنەی هیتلەر بۆ پوتین. هۆکارەکان چین؟ بۆ بە شەو و ڕۆژێک ئەوروپا و کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان ئەوەی پێی دەڵێن کۆمەڵگای ئاشتیخواز، لە دەستی دەدەن و هانی سەرۆکەکانیان دەدەن بچنەوە ناو جەنگێکی دیکەوە؟ ئامانجی ئەم نووسینە، بۆ ئەوەیە چۆن خۆمان لە فرت و فێڵ و تەڵەکانی کۆدەزگای زەبەلاحی مەکینە و میدیای پروپاگەندە ڕزگار بکەین و ڕێگە نەدەین بە داهات و ماندووبوون و ویستی خۆمان، ببینە خۆراکی دەستکاریکردن، هەژموونکردن، مانیپولەکردن و ملکەچکردن. ئەم نووسینە هەڵدانەوەی ستراتیژە قووڵە سایکۆلۆژییەکانی پشت پەردەی کۆدەزگای ئامێر و مەکینەی پروپاگەندەیە. هەروەها لەو خاڵەدا کە ئێستا کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا نێچیرێکیان دەستکەوتووە بۆ ئەوەی کۆی کارەساتەکانی ڕابردووی خۆیانی پێ هەڵواسن، بۆ ئەوەیە کە تاوانە جەنگییەکانی خۆیان لە قرکاریی کۆلۆنیالیزمەوە تا جەنگی جیهانیی دووەم، بۆمبارانی ئەتۆمیی هیرۆشیما و ناکازاگی، کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکانی مەدەنیی عێراق و ئەفغانستان و سووریا، دەستێوەردانی وڵاتان، جەنگی ڤێتنام، کودەتا میلیتارییەکانی ئەمریکای لاتین و شۆک-دۆکترینەکانی نیۆلیبراڵیزم بشارنەوە و وەک ڤاکسینی کۆرۆنا، مۆدێلێکی نوێی جەنگی و پروپاگەندەی جەنگی لە جەستەمان بدەن.

هیوادارم خوێنەران بە چاوێکی وردبینەوە بیخوێننەوە پێش ئەوەی حوکم لەسەر ناوەرۆکی نووسینەکە بدەن، بۆ ئەوانەش دەیانەوێت ڕوانینی من سەبارەت بە جیۆپۆلتیکی ڕووسیا وەک ئامرازێکی فراوانخوازیی ئیمپریالیستی و فەلسەفەی نوێی فاشیزمی ڕووسی و ماستەرمایندی پوتین، ئەلێکساندەر دوگین، بزانن، پێشنیار دەکەم دوایین توێژینەوەم بخوێننەوە[1].

---

[1] پێشڕەو محەمەد، ئەلێکساندەر دوگین: ڕیشە ئەڵمانییەکانی ئۆراسیانیزمی نوێ، http://minervapubl.com/index.php/2022/03/01/post68/2865/admin/

# پوتین هیتلەر نییە

یەکێک لە تاکتیکەکانی میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا و بەهێزکردنەوەی سوپاکان و هاوکات فراوانخوازیی ناتۆ زیاتر بەرەو خۆرهەلات، پێچەوانەکردنەوەی هۆکارەکانی جەنگە. یەکێک لە پاساوەکانی هێرشەکەی پوتین بۆ سەر ئۆکرەین، «لەنازییدامالین»(Entnazifisierung)ی وڵاتەکەیە، بەوەدا کە ئۆکرەین بووە بە شوێنی تەراتێنی نازییە تازەکان و تەنانەت **ڤیتالی کلیتشکۆ**، سەرۆکی شارەوانی کیڤ، تا دوو حەفتەی پێش جەنگ لە هەموو میدیای ئەوروپیدا وەک نازی ناسرابوو، خۆشی پشتیوانی بەتالیۆنی پارا-میلیتاریی ئازۆڤە (میلیشایەکی نیۆنازیی تیرۆریست کە بۆ میدیای خۆرئاوایی ناسراوە) و لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکانی دەردەکەوت و بەردەوام «سلاوی هیتلەری»(Hitler Salute)ی دەکرد، کەچی لەگەڵ دەستپێکی جەنگدا، وێنەی **کلیتشکۆ** گۆڕا بۆ پاڵەوانی ڕزگاریخواز و وێنەی پوتین کرا بە شەیتانی سەرەکی، یاخود هیتلەری نوێ. ئێستا تەنانەت لە میدیای خۆرئاواییدا بەتالیۆنی ئازۆڤ، کە تا دوێنێ میلیشیایەکی نازیی تیرۆریست بوو، ئەمڕۆ بووەتە ڕزگاریخواز و هەموو دیموکراتەکان دەیانەوێت هاریکاری لەگەڵدا بکەن. تاکتیکەکەی پوتین بەسەری خۆیدا شکاوەتەوە، ئێستا خۆی کراوە بە هیتلەرە مەترسیدارەکە.

بەڵام ئەگەر پیشاندانی وێنەی پوتین وەک هیتلەر بۆ ئەوە بێت ڕەوایەتی بە فراوانخوازیی ناتۆ لە ناوچەی ڕۆژهەڵات بدرێت وەک مەترسییەک بۆ کۆمەڵگا ئەوروپی و خۆرئاواییەکان، ئەوا ڕیشەی بردنەوەی هیتلەر بۆ سەر ڕۆژهەڵات لەوەش کۆنترە. بگرە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ڕاڤەکاران و مێژوونووسانی کۆنزەرڤاتیڤی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئەمریکی بۆ ئەوەی دێوەزمە و بەربەریزمی هیتلەر و نازیزم لە خۆیان دوور بخەنەوە و ڕیشەکەی بگەڕێننەوە سەر شوێنێکی دیکەی دەرەوەی ئەوروپا. یەکێک لە نوێنەرە هەرە سەرەکییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژییە، کە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر نەریتی مێژوونووسیی دوای جەنگەوە هەبووە، مێژوونووس و فەیلەسوفی ئەڵمانیی **ئێرنست نۆلتە** بوو. نۆلتە خۆی تێزی دکتۆراکەی لای مارتین هایدیگەر نووسیوە و کاریگەرە بە میتۆدی هێرمونیتیکیی ئەو بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەڵمانیا، بەڵام بە دیاریکراوی دوای کەوتنی یەکێتیی سۆڤێت، مۆدێلە نوێکەی مێژوونووسیی دژە-کۆمۆنیزم سەر هەڵدەدات کە لەناو ئەو مۆدێلەدا، نۆلتە دوای ماوەیەکی زۆر گۆشەگیربوونی، دووبارە وەک پێشەنگ دەردەکەوێتەوە. بەتایبەت کتێبی ***جەنگی ناوخۆییی ئەوروپی*** ( *Der euroäische*

(*Bürgerkrieg*) دەبێتە مانیفێستی ئەم قۆناغە[٢]. نۆلتە لەو مۆدێلە مێژوونووسییەدا هەوڵ دەدات ڕابردووی نازی لەژێر ڕۆشنایی کاردانەوەدا دژی شۆڕشی بەلشەڤی بنووسێتەوە. لەبەر ئەوە نۆلتە نازیزم تەنها وەک دژە-بەلشەڤیزم دەبینێت. لێرەوە ئێمە بەر چەمکی ***پێداچوونەوەخوازیی مێژوونووسی*** (*Reviosinist Historiography*) لە نەریتی مێژوونووسیی ئەڵمانیدا دەکەوین، هەڵبەت نەک بەو مانایەی ئەم نەریتە تایبەت بێت بە ئەڵمانیا. بەو مانایە لای نۆلتە جەنگی جیهانی لە ١٩١٤دا دەست پێ ناکات، بەڵکو لە ١٩١٧دا، واتا هۆکاری سەرهەڵدانی جەنگی یەکەم دەبەستێتەوە بە شۆڕشی بەلشەڤییەکانەوە و مەترسیی ڕووسە کۆمۆنیستەکان لەسەر کۆمەڵگای ئەورووپی، وای کرد سەرتاپای ئەو کۆمەڵگایانە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان پێیان بکەوێتە ناو جەنگێکی ناوخۆییی ئەورووپییەوە کە لە ١٩٤٥دا کۆتایی دێت.

لێرەدا نۆڵتە و یاوەرانی، بەتایبەت لە فەڕەنسا، و بە نوێنەرایەتیی فرانسوا فورە، پێیان وایە ئەڵمانیا قوربانییە نەک تاوانبار، شەڕفرۆش نییە، شەڕی پێ فرۆشراوە، ئەگەر لینین لەدایک نەبووایە، بێگومان هیچ هۆیەک بۆ لەدایکبوونی هیتلەر لەئارادا نەدەبوو، ئەگەر بەلشەڤیزم نەبووایە، نازیزمیش سەری هەڵنەدەدا، ئەگەر مەترسی لەناوچوونی چینی بۆرژوازی لەلایەن پرۆلیتاریاوە نەبووایە ئەوا کوشتاری ڕەگەزیی نازییەکانیش دروست نەدەبوو، بەو مانایە هیتلەر لۆژیکی کۆمۆنیزمە. بەبێ کۆمۆنیزم ئەورووپا هۆیەکی نەبوو پێی بکەوێتە ناو بەربەریزمەوە. لەبەر ئەوە، هیتلەریش قوربانیی دەستی لینینە، یاخود نۆلتە بەو ئەنجامە دەگات بڵێت دڕندەییی نازیزم ڕیشەکەی ئەورووپی نییە، بەڵکوو ڕیشەکەی خۆرهەڵاتی و ئاسایییە، ئەگەر «ئاسیای دڕندە» نەبووایە، چۆن ڕێی تێدەچوو ئەڵمانیای «خاوەن کولتوور و فەلسەفەی باڵا» وەها پێی بکەوێتە ناو بەربەریزمەوە؟

ئەم جۆرە کورتکردنەوەخوازیی و پێداچوونەوەخوازییە بەفراوانی ڕیشەی کۆن و دوور و درێژ و چێنراوی دژە-سامییەت و دژە-جوولەکایەتی لە ئەورووپا لەبیر دەکات. بەو مانایە، دژە-جوولەکایەتی تەنها لەگەڵ مەترسیی بڵاوبوونەوەی شۆڕشی بەلشەڤی لە ئەورووپا، دروست دەبێت. بەڵام ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و نەگەڕێینەوە بۆ ڕیشە کۆن و قووڵەکانی دژە-جوولەکایەتیی سەدەی نۆزدە و، تەنها چاوێک بە ***خەباتی منی*** هیتلەردا بخشێنین، لەوە تێدەگەین کە دژە-سامییەتی هیتلەر زۆر پێش ١٩١٤ دروستبووە و لە ڕاستیدا لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیست لە ڤییەننا بیرۆکە دژە-جوولەکەییەکانی هیتلەر دەردەکەون، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە

---

[٢]بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندیی چەمکی جەنگی ناوخۆیی ئەورووپیی و شەپۆلی نوێی دژە-کۆمۆنیزم، بگەڕێنەوە بۆ: ئێنزۆ تراڤێرسۆ، *شەپۆلی نوێی دژە-کۆمۆنیزم*، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠١٩.

شەپۆلی دژە-کۆمۆنیستییەوە نییە و نە پەیوەندیشی بە ڕۆڵی جوولەکەکانەوە لە شۆڕشی ڕووسیا و ڕاپەڕینە سیاسییەکانی ئەوروپای ناوەندییەوە هەیە. تەنانەت دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنالی سێ (کە بە کۆمینترن ناسراوە) لە ۱۹۱۹دا لای نۆلتە دەبێتە «حزبی جەنگی ناوخۆیی جیهانی» (*Weltbürgerkriegspartei*)[٣]. هیتلەر خۆی ئاماژە بەوە دەکات لە منداڵییەوە هەموو خزمان و مامۆستاکانی هەوڵیان لەگەڵداوە بیکەنە کەسێکی ئاشتیخواز سەرکەوتوو نەبوون، کەواتە ئەم مۆدێلەی جەنگخوازییەی هیتلەر هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە ئەو لە بەلشەڤییەکان ترساوە بۆیە بووە بە جەنگخواز.

لەبەر ئەوەیە، فاشیزم، بەگوێرەی نۆلتە، وەک وەڵامێکی غەمگینانەی چینە ناوەڕاستە تۆقیوەکانی ئەوروپا بەرانبەر بەو شتە سەر هەڵدەدات کە نۆلتە پێی دەڵێت «مەترسیی بەلشەڤی» (*Bolschewistische Gefahr*). ئەوەی نۆلتە لە سەرتاپای پرۆژە مێژوونووسییەکەیدا دەیکات ئیدانەکردن و سەرزەنشکردنی کۆمۆنیزمە نەک نازیزم. ونکردنی ڕیشەکانی جینۆسایدی نازییەکانە لەپێناوی «ئاساییکردنەوە»ی ڕابردووی ئەڵمانیا و بە هەنووکەییکردنی لەپێناوی بزووتنەوە ڕاستڕەوییە تازەکاندا. هەروەها ئەم مۆدێلە مێژوونووسییە نکوڵی لە بوونی هۆلۆکۆست و کوشتاری بەکۆمەڵی جووەکانیش دەکات و نۆلتە بەڕاشکاوی بۆ ئەم مەبەستەش کۆمۆنیزم تۆمەتبار دەکات. ئەم مۆدێلی مێژوونووسییە، بۆ ئەوەی تارمایی هیتلەر لە کولتوورەکەی خۆی دوور بخاتەوە، دەمێکە بەدووی بیانوو یان کەسێکدا دەگەڕێت گوناهی هیتلەری پێ هەڵواسێت. نەیانتوانی ئەم کارە بەرانبەر بە دۆناڵد ترەمپ بکەن، چونکە ترەمپ خۆی «کوڕ و بەرهەم»ی هەمان کولتووری خۆرئاوایی بوو، ئێستا باشترین و ئاسانترین کەسیان دەستکەوتووە، کە ئەوروپیی نییە و ئاسیاییە: ڤلادیمیر پوتین.

## ئایدیۆلۆژیای جەنگ

ئایدیۆلۆژیای جەنگ (*Kriegsideologie*)، ڕیشەیەکی دوور و درێژی لە مێژووی ئەوروپا بەگشتی و لە ئەڵمانیا بەتایبەت هەیە، قووڵ ڕیشەی لەناو ئەوەی پێی دەگوترێت قووڵبینترین ڕۆشنبیران و بیرمەندانی ئەو وڵاتە داکوتاوە. ساڵی ۱۹۱٤ لەگەڵ ڕاگەیاندنی جەنگ هیچ بیرمەند،

[٣]بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم چەمکە لای نۆلتە بگەڕێنەوە بۆ:
Ernst Nolte, *Der europäische Bürgerkrieg*: *Nationalsozialismus und Bolschewismus*, Propyläen Verlag, Berlin, 1987.

ڕۆشنبیر و هونەرمەندێکی ئەڵمانی نەبوو پشتیوانی لە جەنگی ئیمپریالیستیی نەکات، کەسانی وەک زیگموند فرۆید و ماکس ڤێبەر وەک جەنگ دژی وەڕەسی و خەمۆکی دەیبینن. ڤێرنەر زۆمبارت و ئۆزڤالد شپینگلەر و مارتین هایدیگەری لاو و کارڵ شمیتی لاو، دوو لە پڕ جۆش و خرۆشترین ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیین قووڵ پشتیوانی لە جەنگ دەکەن، تۆماس مان، ڕۆماننووس و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی، کە لەو کاتەدا ئەریستۆکراتێکی دژە-دیموکرات بووە و لە ساڵی ١٩٢٨، کە ئیتر ئێستا بووە بە دیموکراتیخوازێکی سوێندخواردوو، چەمکی ***ئایدیۆلۆژیای جەنگ*** دروست دەکات تا گوزارشت لەو جۆش و خرۆشەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و بیرمەندانی ئەڵمانی بکات.

چەمکی سەنتراڵی ***ئایدیۆلۆژیای جەنگ*** بریتی بوو لە «ئایدیای کۆمەڵ» (*Gemeinschaftsidee*) دژی «ئایدیای سۆسیالیستیی کۆمەڵگا» ( *sozialistischen Gesellschaftsidee*)[4] – هەڵبەت لە ئایدیۆلۆژیای جەنگدا، سۆسیالیزم یەکسانە بە مارکسیزم – و ئەمەش دواجار واتا ***ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵی گەل*** (*Volksgemeinschaft* ) – ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی – دژی ***کۆمەڵگا*** (*Gesellschaft* ) – کە لە ئایدیۆلۆژیای جەنگدا یەکسانە بە دیموکراسی، ماتریالیزم، سۆسیالیزم، کۆمەڵگای جەماوەری و ئاشتی –، یاخود بە مانایەکی دیکە کە بەقووڵی لە لای ژینگەی ڕۆشنبیریی نوێنەرانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیەدا دیارە، کۆمەڵ واتا ئایدیاکانی ١٩١٤ – جەنگی ئیمپریالیستی – و کۆمەڵگا واتا ئایدیاکانی ١٧٨٩ – شۆڕشی فەڕەنسی وەک دەستپێکی کۆمەڵگای جەماوەری – و کولتووری باڵا و ڕۆحانی دژی شارستانێتی ماتریالیستی. یاخود وەک تۆماس مان بەڕاشکاوی دەڵێت کە دووانەدژەکە بریتی بوو لە ئەریستۆکراتییەت دژی کۆمەڵگای دیموکراتی[5].

لە ***ئایدیۆلۆژیای جەنگ***دا چەند چەمکێک سەرەکیین، لەوانە **چارەنووسی هاوبەش** (*Geschick*)، **چارەنووسی تاک** (*Schicksal*)، ***بڕیاری یەکەم*** (*Urentscheidung*)، موقەدەسکردنی مەرگ یاخود هاوسۆزی پڕ لە شانازی لەگەڵ مەرگدا (*edle Sympathie mit dem Tod*) دواجار چەمکی پاڵەوان (Held). دۆمۆنیکۆ لۆسەردۆ دەڵێت وەک لۆسەردۆ ئاماژەی پێ دەکات: «نازیزم **ئایدیۆلۆژیای جەنگ** بە میراتی بۆ خۆی دەبات. هەڵکشانی نازیزم بۆ دەسەڵات لە ١٩٣٣دا لەلایەن زۆرێک لە نوێنەرانی ڕژێمە تازەکەوە، هەم شەڕکەران و هەم هاوسۆزان، وەک

[4]The Idea of Community vs. The Socialist Idea of Society

[5]Thomas Mann, *Kultur und Sozialismus* (1928), in *Essays von* Thomas Mann, Band 2 herausgegeben von H. Kurzke, Frankfurt am Main, 1986, s.98-100.

نیشانەیەکی ئەزموونی سەرنجڕاکێش و هاوبەشی ١٩١٤ دەبینرێت...»[6]. جۆرج کلیمەنسۆ (١٨٤١–١٩٢٩)، سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا لەنێوان ١٩١٧–١٩٢٠، باس لەوە دەکات کە «خۆشویستنی ژیان بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. ئەڵمانەکان ئەم غەریزەیەیان نییە... بەپێچەوانەوە، ئەوان پڕن لە نۆستالژیای قڕێژ و شەیتانی بۆ مەرگ. چۆن ئەم خەڵکە مەرگدۆستن!»[7]. لەم ڕووەوە ***ئایدیۆلۆژیای جەنگ***، لە لە پڕوپاگەندەی جەنگیی نازیزمدا دەگاتە لوتکە، ڕیشەیەکی قووڵتر، دووروودرێژتر و ڕیشەداکوتاوتری لەناو کولتووری ئەوروپی بەگشتی و کولتووری ئەڵمانییدا بەتایبەت هەیە و ئەم ئایدیۆلۆژیایەش جگە لە جەنگە ئایینییەکان، جەنگی سی ساڵە، جەنگی کۆلۆنییەکان و هتد، هەڵگیرسێنەری دوو جەنگی مەزنە، کە قوربانییەکانی سەدان ملیۆن مرۆڤ بوون و بۆ یەکەمجار مرۆڤایەتی بەرەو بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی وەک بۆمبی ئەتۆمیش برد لەلایەن ئەمریکاوە.

## ملکەچکردنی ئایدیال

تا ئێرە تێدەگەین کە ڕیشەی پڕوپاگەندەی جەنگ، ئایدیۆلۆژیای جەنگ و دوورخستنەوەی کولتووری ڕاستڕەوی لە مێژووەکەی خۆیان و هەڵواسینی کارەساتی کولتوور و شارستانێتی هیتلەری بە کەسێکی دەرەکییەوە، ڕیشەیەکی قووڵ ئەوروپی و خۆرئاواییە و ئامانج لەو کەڕەنایەی جەنگ و بەهیتلەرنیشاندانەی پوتین جگە لەوەی باسمان کرد، ئامانجێکی دیکەی فراوانخوازیی ئیمپریالیستیشی لە پشتە کە ئێستا وردە وردە لە بابەتەکەمان نزیک دەبینەوە.

پێویست بە گوتن ناکات کە کۆلۆنیالیزم لۆژیکی سەرمایەدارییە و ئیمپریالیزمیش لەسەر ملکەچکردنی ئابوورییانەی کۆمەڵگا، دەوڵەت و نەتەوە بچووکتر و بێهێزترەکان دەژیت. وەک کوللەکان، کۆمپانیا زەبەلاحەکانیش لە ئێستادا خەریکن سەرتاپای زەوی دەڕووتێننەوە. بەڵام بۆ ئەمەش حاکمان و دەسەڵاتداران پێویستیان بە سەربازان، کارکردنی کۆدەزگای دەوڵەتی (ئایدیۆلۆژیا: میدیا، کڵێسا، قوتابخانە، زانکۆکان، ناوەندە هونەری و کولتوورییەکان، مۆزەخانە و گەلەرییەکان) و دانیشتووان هەیە تا چەندە بکرێت بیانکەنە ملکەچی خواستەکانی خۆیان.

[6]Domenico Losurdo, *Die Gemeinschaft, der Tod, das Abendland: Heidegger und die Kriegsideologie*, aus dem Italienischen von Erdmuthe Brielmayer, Verlag J.B. Metzler, Stuttgart und Weimar, 1995.

[7]Karl Löwith, *Mein Leben in Deutschland vor und nach 1933: Ein Bericht*, J.B. Metzler Verlag, Stuttgart, 1986, s.141.

بەبێ بوونی بەکرێگیراوان، کرێـارانی کۆیلە، کۆکەرەوانی بـاج، ئیمپراتۆریەتی رۆمـانی هەرگیز نەیدەتوانی خۆی فراوان بکات. ئیرادەی خۆبەخشانەی خزمەتکردنی چینی باڵادەست و حوکمڕان لە جەوهەردا پشت بە سێ ستوون دەبەستێت: توندوتیژیی جەستەیی، وابەستەییی ماتریالی و ملکەچیی ئایدیالی. دوو دانەی کۆتایی چەندە بەهێز بن، حاکمان کەمتر پێویستیان بە پیادەکردنی یەکەم دەبێت، چونکە بۆیان هەرزانترە، کەمتر مەترسـی لەسـەرە و کارکردنێکی کاریگەرتریشـی هەیە: وابەسـتەکردنی حوکمکراوان بە حوکمڕانانەوە. ئەوانەی بەرژەوەندیی چەوسـێنەرەکانیان وەک بەرژەوەندیی خۆیان دەبینن، هەرگیز ناتوانن لە خەوی قووڵی وابەسـتەیی و سـتەم و چەوسـاندنەوە بێدار ببنەوە. چینی حوکمڕان هەمیشـە لە ڕێگای پڕوپاگەندەوە گەرەنتی بەڵێنی ئایدیالیستییانەی ژێردەستە و ملکەچکراوەکانی خۆی، بەدەست هێناوە.

لە ئەمڕۆدا ئێستا ئێمە دووبارە بووینەتەوە شایەتحاڵی دەزگایەکی زەبەلاحی پڕوپاگەندەی چینی حوکمڕان لە خۆرئاوا. دەسـتکەوتە تەکنەلۆژییەکان و دیجیتاڵیزەکردنی کۆمەڵگا ئەم دەزگایەی پڕوپاگەندەیان ئاسـانتر کردووە. ئەو کەسـە سـتراتیژیسـتانەی بە شـێوەیەکی سـایکۆلۆژیانە لە زانکۆکان و تینک تـانک و پەیمانگاکاندا ڕاهێنراون و پەروەردە کراون ئێسـتا ڕاوێژکارانی حکوومەتەکان، پەرلەمانەکان، کۆمپانیاکانی ڕیکلام و باڵەخانە زەبەلاحە میدیاییەکانن. دەتوانین ئێسـتا لەبارەی مەکینەی پڕوپاگەندەی خۆ-بەپیتکردن (*self-fertilization*) بدوێین کە تێیدا ملیۆنان کارمەندانی وابەسـتە و بەگەڕخراو بۆ ئەم مەبەسـتە مووچە وەردەگرن، و زۆربار ناوشیارانە خەریکن سایکۆلۆژیای ستراتیژیی سەروەرانیان بە ناوەکی دەکەن و دەیکەن بە هی خۆیان.

بۆ نموونە پڕوپاگەندەی کۆرۆنا، کە بەفراوانی هاریکاری لەگەڵ ***ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی*** و کۆمپانیا زەبەلاحە بەهێزەکان دەکەن، ئامانجێکی ڕوونی بەئاسـانی شـایانی ناسینەوەیان هەیە لە کۆنترۆڵی تۆتـالیتـارییانەی دانیشـتووان، بەخشـین و دابینکردنی بەڵگەنامەی خۆڕایی بە کۆدەزگای هەژموونکارانەی میدیایی حوکمڕانان. ئێسـتا تەکنیکە سـایکۆلۆژییە هەژموونکار و دەستکاریکەرە سەرسوڕهێنەرەکان بەفراوانی و بەباشی ئامادەن و لێرەن. هەڵبەت چیتر بە تەنها ڕیکلامی کاڵا بازرگانی و پیشەسـازییەکان بەکاریان ناهێنن. پڕوپاگەندە واتا گەرەنتیی هەست و سـۆز و جۆش و خرۆشـەکان. هەسـت و سـۆزەکان وا دەکەن خوێنەران، بیسـەران و بینەران لەسـەر هێڵی چاوەڕوانی بۆ ماوەی درێژی زەمەنی، بە ئارامی بمێننەوە. سـەبسـکرایبکردنی خوێنەران و بیسـەران خۆبەخۆ جارێکی دیکە، گەرەنتیکردنی داهاتی زیاتری نووسـەرانی پشـتی ئەو ئامێرانەیە. ئەمڕۆ بەو ڕۆژگار و ئەنجامە گەیشتووین پارە دەدەین تا داگیرمان بکەن.

ئەو چیرۆک و حیکایەتانەی بە شـــێوەیەکی هەســـتەکییانە و ســـۆزمەندانە ڕێکخراون لە ڕێگای پلاتفۆرمەکانی سۆسیال میدیا و میدیا زەبەلاحەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، ئامانجیان بەدەستەوەدانی جیهانبینیی تازە، دروســـتکردنی گریمانە بنچینەییەکان، جووڵاندنی ئارەزووەکان و داڕشـــتنی بیروباوەڕە لە پێشـــدا بیرلێکراوەکان، و خوڵقاندنی کۆمەڵێک میزاجە کە بەشـــێوەیەکی کوێی و دەســـتەجەمعی خەریکی بەهێزکردنەوەی زیـاتری پێگەی چینە حـاکمەکـان و ئـابوورییە زەبەلاحەکانن. لەبەر ئەوە دەرککردنی ســـەرتاپای کۆمەڵگاکان دەکرێت لە ڕوانگەی ئەوانەی لە دەسەڵاتن ببێتە دەرککردنی ئێمەش، لە ڕوانگەی ئەوانەوە کە گەورەترین مەکینەی پروپاگەندەیان لە بەردەستە.

## ئیمپریالیزمی دیجیتاڵیزەکراو

بێگومان پروپاگەندە کاریگەرترین ئامرازی نوێی باڵادەســـتبوونە. بەڵام، بەکارهێنانە فراوانەکەی بەتەنها بە هۆی دیجیتاڵیزەکردنی کۆمەڵگاوە بەدی نەهاتووە. پێشـــمەرجێکی دیکەی بریتییە لە گەشـــەســـەندنی ســـەرمایەدارانە بەرەو کۆمپانیا فرەنەتەوە قۆرخکارە بەهێزەکان، کە ماوەیەکی زۆرە لێرەن و بینراون و هەروەها ئاوێتەبوونە فراوانەکانیان لەگەڵ کۆدەزگا ســـیاســـییەکانی دەوڵەتە گەورەکان بە دامەزراوەکانیشـــیانەوە، بەڵام هەروەها یەکێتییە کرێکارییەکان، پەیمانگا و دامەزراوەکان، ڕێکخراوە زەبەلاحەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش ڕێخۆشـکەر بوون بۆ ئەم جۆرە بـاڵادەســـتییە تـازەیەی ئـامرازی نوێی پروپـاگەنـدە. بە کورتی، مەرجی کـارتێکەریی هەنووکەیی مەکینەی پروپـاگەنـدە کە بوونێکی واقیعی و بـاڵادەســـتی هەیە بووەتە هۆی ســـەرهەڵدانی ئیمپریـالیزمی دیجیتـاڵیزەکراو شـــوورایەکە بەدەوری حکوومەتەکان، کۆدەزگا دەوڵەتییەکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراوە نـاحکوومییەکان، بـاڵەخـانە و پەیمـانگا میدیـاییەکان بۆ دروستکردنی هەژموون و وابەستەیی ماتریالی.

هەمیشە بەرژەوەندییەکی تاقانە پاڵ بە ئیمپریالیزمەوە دەنێت: فراوانخوازیی دەسەڵاتی ئابووریی بۆرژوازیی گەورەی حوکمڕان. بەگوێرەی لۆژیکی هێزە پـاڵنەرەکـانی ســـەرمـایەداری، واتـا فراوانکردن و هەڵکشـاندنی قازانج لەڕێگای گەشـەی بێکۆتاییی ئابوورییەوە ئیمپریالیزم پشت بە فراوانخوازی دەبەســـتێت. ئامانجەکەی داگیرکردنی ســـەرتاپای بازاڕی جیهانییە. بۆ نموونە کۆنفیدراسیۆنی ویلایەتەکانی ئەمریکا یەکەم بونیادی دەسەڵاتی ئیمپریالیستییە کە بە ئاوێتەکردنە فراوانەکەی لەگەڵ بەشـــە فراوانەکانی ســـەرمایەی گەورەدا دەناســـرێتەوە. یەکێتیی ئەوروپا

نموونەی ئەورووپی هەمان مۆدێلی ئەمریکییە. و لەگەڵ ناتۆدا، هاوپەیمانیی ئیمپریالیی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا چارۆکەی خۆی هەڵداوە: ئیمپراتۆریەتێکی بە موتڵەقی چەکدار و خاوەن جبەخانەی کوشندەی سەربازی کە – بە هۆی لۆژیکەکەیەوە – دەبێت لە فراوانخوازی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بهێڵێتەوە، بەبێ فراوانخوازی، ناتوانێت بەم جۆرەی ئێستای بمێنێتەوە. ئەوانەی لەو کاتەدا پێیان وابوو ناتۆ ڕێز لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکان دەگرێت و فراوانخوازیی خۆی بەرەو خۆرهەڵات بە سنووردارکراوی دەهێڵێتەوە، بەدڵنیاییەوە لە دەسەڵاتی ئیمپریالیستی تێنەگەیشتبوون یاخود بەکەمیان گرتبوو. هێرشی پوتین بۆسەر ئۆکرەین و هەوڵی داگیرکردنی – چەندەش ناڕەوا و ئیمپریالیستییانە و جەنگخوازانە بێت – هێندەی وەڵامە بۆ ناتۆ و بێداربوونەوە لەو خەوەی بەکەمگرتنی ئیمپریالیزمی ناتۆ بوو هێندە دژی خەڵکی ئۆکرەینی نییە. گومان لەوەدا نییە ئەوەی پوتین دەیکات جەنگی داگیرکاری و هەم لەڕووی سیاسی و هەم کۆدە ئەخلاقییەکانیشەوە تەواو ناڕەوایە.

## ئۆکرەین وەک خاڵێکی دانان و نمایشی ناتۆ

ئەوەی ڕوونە: بەرژەوەندیی فراوانخوازیی جالووت (گۆلیاس)، واتا «ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا-یەکێتیی ئەورووپا» دەیانەوێت کۆتایی بە هەر ئابوورییەکی کێبڕکێکار بهێنن. لە کاتێکدا ئیمپراتۆریەتەکە بەردەوامە لە هێشتنەوەی ئەفریقا، ئەمریکای باشوور و بەشێک لە ئاسیا لەژێر چەپۆکی پاش-کۆلۆنیالیی خۆی، بەڵام کێبڕکێکارە ئابوورییەکان ئێستا لە فۆرمی ڕووسیا و لە وڵاتانی پڕ دانیشتووانی ئاسیا، بەتایبەت چین و هیندستان دەرکەوتوون، کە لە لیستی خوازراوی ناتۆ دان. بەڵام بەبێ بەشداری و هاریکاریی کەرەستە خاوە پیشەسازییەکانی ڕووسیا و داهێنراوە تەکنیکی و پیشەسازییە پێشبینی نەکراوەکانی چین، فراوانخوازیی ئیمپراتۆریەتی «ئەمریکا-ئەورووپا» وا پێدەچێت لە خاڵی کۆتاییی خۆی نزیک بووبێتەوە. ئەو جەنگەی ئێستا لە ئۆکرەین ڕوو دەدات، هەوڵە بۆ ئەم زیندووکردنەوەیەی فراوانخوازی.

بەڵام وەستان بە مانای کۆتاییی نەزمی ئابووریی سەرمایەداری دێت. وەک کارڵ مارکس پێشتر زۆر بە وردبینانەوە باسی کردووە، سەرمایە دەکرێت تەنها لە جووڵەی خۆیدا دەرک بکرێت، زۆر دەقیقتر: لە پرۆسەی بەکارهێنانیدا، واتا بردنی بۆ نێو بازاڕەکان تا بتوانێت پارەی زیاتر لەو

پارەیەوە دەربهێنێت کە بۆ چەوسـاندنەوەی کاری کرێگرتە بەگەڕی خسـتووە[٨]. سـەرمایە لە جووڵە کەوت، دەمرێت، مردنیشـی، واتا کۆتاییی مۆدێلی بەرهەمهێنانی سـەرمایەداری. ئەوەی چ مۆدێلێک دوای سـەرمایەداری بوونی دەبێت، هێشـتا دیار نییە، بەڵام لە غیابی ئەڵتەرناتیڤی پێشـکەوتووخوازدا، دیسـتۆپیا و وێرانەخاک، کۆمەڵگای پاش-ئەپۆکالیپس و ئاخیرزەمانی دەبێت کە ساڵانێکە لە فیلمەکانەوە پێی ئاشناین و خەریکە لەگەڵی ڕادێین.

ئەو ڕاسـتییەی ڕووسـیا وەک دەوڵەتێکی سـەربەخۆ، توانیویەتی خۆی دژی هاوپەیمانیی ناتۆ بهێڵێتەوە، کە سەردەمێک، بەتایبەت یەکەم ساڵانی دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤێت و سەردەمی بۆریس یەڵتسـن خەریک بوو بچێتە ژێر هەژموونی بازاڕی ئەمریکییەوە، ئێسـتا بە هۆی دەوڵەمەندیی سامانی کەرەستە خاوەکانی و ئەو داهێنانە گەورانەی لەسەردەمی سۆڤێت ئەنجام دران و بە میرات بۆ ڕووسیای پاش سۆڤێت مانەوە، بووەتە ئەوەی ڕاستەوخۆ ببێتە کێبڕکێکاری ناتۆ. سـەرمایەداریی ڕووسـیا کەمتر لە مۆدێلی چینی، فراوانخوازترە. کۆمپانیا چینییەکان، بۆ نموونە، نەک تەنها پشـت بە داهێنانە تەکنیکییە فراوان و پێشـبینی نەکراوەکان دەبەسـتن کە کۆمەڵگا پیشـەسـازییەکانی خۆرئاوایان بەجێ هێشـتووە، بەڵکوو هەروەها پشـت بە هەناردەکردنەکانی سـەرمایەی زەبەلاحیش دەبەسـتن، کە ئێسـتا پارتی کۆمۆنیسـتی ئەو وڵاتە، بیەوێت یان نا، خەسڵەتێکی ئیمپریالیستی وەرگرتووە.

دەکرێت پێگەی ئێسـتای ڕووسـیا تەنها بە بیرکردنەوە لەم واقیعییەتە ئابوورییە دەرک بکەین. بەبێ وردبوونەوە لەم مێژووە و لەم هاوسـەنگە ئیمپریالییەی دەسـەڵات، مەحاڵە لە جەنگی ناوخۆییی ئۆکرەین و دەسـتێوەردانی ڕووسـیا تێبگەین کە بە «کودەتای مەیدان» لە ٢٠١٤دا ناسـراوە. دەکرێت بەم جۆرە پوختی بکەینەوە: ڕووسـیا ئامانج و نێچیرێکی داگیرکاریی هەژموونییە بۆ بلۆکی ئیمپریالیی دەسـەڵاتەکانی خۆرئاوا لە ڕێڕەوانە فراوانخوازییەکانیاندا لەناو ئەورووپاوە بەرەو ئاسـیا، واتا بەرەو چین. دەکرێت ئۆکرەین وەک ناوچەیەکی جێگیرکردن و نمایشی ناتۆ سەیر بکەین نەک شتێکی زیاتر.

هەڵبەت تۆمەتی پوتین بۆ هێزەکانی ناتۆ وا دەردەکەوێت تەنها پەیوەندی بە نزیکبوونەوەی هێزە سـەربازییەکانی ناتۆوە هەبێت لەسـەر سنوورەکانی ڕووسیا. بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجەکە زیاتر هەژاندنی ئابووریی هەناردەکارانی ڕووسـیایە، واتا بێدارکردنەوەی وڵاتەکەیە بە شـێوەیەکی

---

[٨]بڕوانە: کارڵ مارکس، کاری بەکرێ و سەرمایە، وەرگێڕانی پێشڕەو محەمەد، ناوەندی هزریی شەهید ئارام، سلێمانیی، ٢٠١٦.

ئابوورییانە تا خۆی بۆ نەزمی بازاڕی جیهانی لەژێر دەسەڵاتی ئەمریکا-ئەورووپادا بەدەستەوە بدات، ڕێگایەکی دیکەی جگە لەمە بوونی نییە. ئەگەر ناتۆ لەمەدا سەرکەوتوو بێت، هێرشەکەی بۆ سەر نێچیرە سەرەکییەکە، واتا چین، ئاسانتر دەبێت و چین بەئاسانی گۆشەگیر دەکات تا وا بکات داهێنانە تەکنیکییەکانی بخاتە خزمەتی بازاڕی بلۆکی خۆرئاواییەوە نەک بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری بهێنێت.

## خراپ قۆستنەوەی ئەخلاق و شاردنەوەی حەقیقەتەکان

بە دڵنیاییەوە ڕەهەندی ئەخلاقیی جەنگەکە، بریتییە لە بەدبەختی و ئازار وناڵەی دانیشتووانی مەدەنی. بەڵام ئامێری پڕوپاگەندەی دەسەڵاتەکانی خۆرئاوا هەموو شتەکان سەرکوت دەکەن، هەموو شتەکانی دیکەی ناو ئۆکرەین دەشارنەوە، تەنها کودەتای فاشیستی مەیدان نەبێت لە ٢٠١٤دا، کە دەرەنجامەکانی بریتی بوون لە چەوساندنەوە، و سووکایەتیکردن بە ڕووسیزمانەکانی دانیشتووانی ئۆکرەین. زیاتر ئابڵوقە و کێشەدروستکردن بۆ هەردوو کۆمارە جەماوەرییە تازە دامەزاوەکانی دۆنێتسک و لوهانسک لە دۆنباس کە قووربانیی زۆری لێکەوتنەوە. هەروەها ئۆکرەین هیچ پابەند نەبوو بە ڕێککەوتننامەی دووەمی مینسک، کە دەبوو پێش هەموو شتێک کۆتایی بە کردەوە جەنگییەکانی نێوان سەربازانی ئۆکرەینی و شەڕکەرانی کۆمارە جەماوەرییەکان، پاشەکشەی ئەفسەرە میلیتارییە بیانییەکان، دوورخستنەوەی ناتۆ لە ململانێ ناوخۆییەکان، داننان بە خۆ-بەڕێوەبردنی هەردوو کۆمارەکە لەلایەن ئۆکرەینەوە و هتد. لە بەرانبەردا حکوومەتی ئۆکرەینی بەردەوام بوو لە بەکارهێنانی توندوتیژی و خواستی لەسەر ئەندامبوونی لە ناتۆ.

لەم خاڵەدا، دەبێت نرخاندنی بابەتییانەی ئەخلاقیی ئەم پرسیارەی لەگەڵدا بێت: چ شتێک لە بەرژەوەندیی خەڵکانی کارکەری ئۆکرەین، دۆنباس و ڕووسیایە: ئارەزووی ئۆکرەین بۆ چوونە ناو ناتۆوە، کە لەڕووی ئابوورییەوە وڵاتەکە لە ڕووسیا دوور دەخاتەوە و بەفراوانی وابەستەی بلۆکی ئیمپریالیی خۆرئاوای دەکات؟ یان پەیوەندییە ئاشتیخوازییە ئابوورییەکان؟ کامەیان خزمەت بە کرێکاران و دانیشتووان و چینە کارکەرەکانی هەرسێ ئۆکرەین، کۆمارەکانی دۆنباس و ڕووسیا دەکات؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێت بە وردیی سەیری گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتانەی ئەورووپای خۆرهەڵات بکەین کە دوای کەوتنی یەکێتیی سۆڤێت چوونە ناو ناتۆوە و بوونە ئەندامی بلۆکی ئیمپریالی؟ بەبێ گومان ئابووریی وڵاتانی ئەورووپای

خۆرهەڵات و باڵکان، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووە بەراورد بە ئابووریی سەربەخۆتری پێشتریان. ئێستا دانیشتووانی فراوانی ئەم وڵاتانە یان وەک ئاوارە و قەرەج لە سەنتەرە ئەوروپییەکان دەژین یان هەرزانترین هێزی کار، کە ژیانێکی مەمرە و مەژی دەگوزەرێنن. هەر کەسێک بەوردی لە بارودۆخی ژیانی خەڵکانی باڵکان و ئەوروپای خۆرهەڵات ورد ببێتەوە کە لە سەنتەرە پیشەسازییەکان کار دەکەن، هەست بە سەرهەڵدانی کۆیلایەتییەکی ڕووتی نوێ دەکات، ئەمانە ئەو کەسانە دەبینن کە لە نزیکەوە چاودێر بن، نەک تەنها خۆراک لە مەکینەی میدیای پروپاگەندەی بلۆکی خۆرئاوا وەربگرن.

بەڵام بێگومان مەکینەی پروپاگەندەی ناتۆ کە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی دیاریکراوی ئەخلاقیی خۆیەوە کار دەکات، بە هیچ جۆرێک ئەم پرسیارە ناکات. چونکە ئەخلاقیاتەکەی لە بنچینەوە بریتییە لە ئەخلاقیاتی «ڕیاکاری» و دووڕوویی چینی حوکمڕان، کە تەنها خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات. ئەم ڕیاکارییە دەکرێت لە کۆمەڵێک درۆی تازەدا ببینرێنەوە کە میدیا وەک ڤاکسین لە سەری خەڵکدا دەیانڕوێنێت. بۆ نموونە لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٢دا، فۆنیکسی میدیای گشتی ناچار بوو دان بەوەدا بنێت کە وەرگێڕەکەی بە ئەنقەست وتەی ڤلادیمیر پوتینی بە هەڵە وەرگێڕاوە و گواستوویەتییەوە. پوتین ئاماژە بە «هێزەکانی بەرگری»ی دەکات، بەڵام وەرگێڕەکە بە «هێزی ئەتۆمی» وەریگێڕا.

ئەمەش بەسانایی ناسرایەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە گوێگران دەیانتوانی بە ڕووسی قسە بکەن. بەڵام میدیا هەر لە سەرەتاوە یەکەم نوسخەی فۆنیکسی گواستەوە و کردی بە سەردێڕی میدیایی و زاراوەی چەکی ئەتۆمیی ڕووسیا کەوتە سەر زاری هەموو کەسێکی سەر گۆی زەوی لە کاتێکدا پوتین بەکاری نەهێنابوو و پاشان فۆنیکسیش ناچار بوو هەڵەکە ڕاست بکاتەوە. مادام ئێستا میدیا ڤاکسین لەسەری خەڵک دەدات، کەواتە پوتینی «شەیتان» دەیەوێت چەکی ئەتۆمی بەکار بهێنێت. بڵاوکردنەوەی وێنەی هەڵە، وای کردووە ڕووخساری پوتین وەک دێو و درنج و تۆقێنەر دەربکەوێت و هێزەکانی خۆرئاوا و ناتۆش وەک وێنەی ڕزگاریبەخشی حیکایەتی پەریان.

بە پشت بەستن بە مەکینەی میدیا تێدەگەین کە پوتین خەریکی فراوانخوازییە بۆ ناوخۆی ئەوروپا و تەنانەت وا تێدەگەین ئەمریکاش داگیر دەکات، سوید و فینلەندا لە ئامادەباشییدان، ئەڵمانیا دەستی کردووە بە فراوانکردنی سوپای فیدڕاڵ و سەد ملیار یۆرۆی بۆ فراوانکردنی سوپاکەی و سەد ملیار یۆرۆی دیکە بۆ بەخشین بە ناتۆ، تەرخان کردووە. لە کاتێکدا لە دوای جەنگ، سوپای ئەڵمانیا نەدەبوو ئەو فۆرمەی ئێستای تێبپەڕێنێت، کەچی لەسەر دەستی حزبە

ســـەوزە گوایە ژینگەدۆســـتەکان و ســـۆســـیال دیموکراتەکان و نیۆلیبراڵەکان کە کابینەی حکوومەتیان بەدەســـتەوەیە، ئەو تابووە حەفتا ســـاڵەیان شـــکاند و ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لەناو دانیشتووانەوە گوایە پوتین ئەورووپا دەگرێت، ئەو باوەڕە باو و ڕەزامەندییە گشتییەیان دروست کردووە تەنانەت باس لە سەربازگیریی ناچارییش بکرێت.

## ئیمپریالیزمی میزاج و کۆنترۆڵی مێشک

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ پروپاگەندە: زاراوەکانی وەک تیرۆریست، سادیست، شەڕخواز بە پلان و بەرنامە هێرشکارەکانی، هیتلەری نوێ (پوتلەر: پوتین+هیتلەر) و هتد کۆمەڵە دانەپاڵێکی بنچینەیین پشت بە خواست و ویستێکی سەرەڕۆیانەی نازانستی و ناسیاسی دەبەستن بۆ کۆنترۆڵکردنی دانیشـــتووانی ناوخۆیی. بەو مانایە، ئەوەی نەیانتوانی بەفراوانی لە ڕێگای ئامێری کۆنترۆڵی کۆرۆناڤـایرۆســـەوە بیکەن، وێنەی پوتین ئەم ئەرکەیـان بۆ تەواو دەکـات. بەڵام ئەم جۆرە پروپاگەندەیە تەنها لە میدیادا ڕوو نادات. لە ڕێگای ئەم ئامێرەی باڵادەستییەوە، سیاسەتمەداران دەســـتیـان کردووە بە بەئـامرازیکردنی دەیـان و ســـەدان هەزار خەڵـک بۆ ئەوەی برژێنە شـــەقامەکانەوە بە ناوی «گردبوونەوەکانی ئاشـــتی» بەدڵنیاییەوە هەمیشـــە لەســـەر بنەمای حیکایەتێکی کۆنی سادە، چاکە-خراپە: ئۆکرەین، کە دەیەوێت بچێتە ناو ناتۆوە، بەرەی فریشتە و چاکەیە و پوتین بەرجەســـتەکردنی شـــەیتانی دڕندەیە لەســـەر زەوی. هەرکە ئاڵای ئۆکرەینیان لەسەر دەروازەی براندنبورگ لە بەرلین، بورجی ئایفل لە پاریس و شوێنە سەرەکییەکانی دیکەی دونیا نەخشاند، سیاسەتمەداران، توانیان مەکینەی میدیایی پروپاگەندەی خۆیان بە ئەبەدی بکەن. کەچی دووڕوویی و ڕیاکاریی ئەوان لەو شوێنەدا دەردەکەوێت کە پارتنەرەکەیان لە ناتۆ، تورکیا و ئەردۆغـان، هەموو ڕۆژێک بەردەوامە لە داگیرکـاری و کوشـــتـاری کوردەکـان ڕۆژاڤا لە سـەرتاپای سـوریا و لە هەرێمی کوردسـتان و بۆمبارانکردن و بەزاندنی سـەروەریی ئەو وڵاتانە، نەک ئیدانەی ناکەن، بەڵکوو چەکی بۆ دەنێرن و وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ئانالێنا بێربووک لە دوایین دانیشتنیدا لەگەڵ هاوپیشـەکەیدا، مەولود چاوشئۆغڵ، بە هاوپەیمانی ئەبەدی ناوی تورکیا دەبات و تەنانەت ئەڵمانیا ڕێی لە خۆپیشـــاندانی کوردەکان دەگرت لە ســـەروەختی داگیرکردنی عەفریندا، برژێنە شـــەقامەکانی ئەڵمانیاوە و ئیدانەی هێرشـــەکە بکەن. پرســـیارەکە ئەوەیە بۆ لە چاوی بلۆکی خۆرئـاواوە هێرشـــی پوتین پێشـــێلکردن و بەزانـدنی ســـەروەریی وڵاتێک و

تیرۆرکردنی دانیشتووانە، بەڵام هێرشی ئەردۆغان بریتییە لە قەڵغانی ئاشتیپارێزی؟ پێویستە بۆ جارێکیش بێت ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین و کەمێک بیر بکەینەوە، ئەوسا بڕیار بدەین.

ئامێری پڕوپاگەندە هەمیشە دەست دەکات بە خراپ قۆستنەوەی هەستە سادەکان و عەوفەوییەکان و لەڕووی مێژووییەوە دانیشتووانی کەمتر پەروەردە بوو، لە سەرووی هەموویەوە، بۆرژوازیی خاوەن پەروەردە هەمیشە هەوڵی داوە بەشەکەی دیکەی کۆمەڵگا داگیر بکات و مێشکی بشواتەوە و بیکاتە قەڵغان و بەکرێگیراو و بەرگریکاری بەرژەوەندییەکانی خۆی. لەم سیاقەدا هەر کەسێکی ڕەخنەگر لە چینی حاکم دەبێت ڕاستەوخۆ تێبینیی ئەمە بکات: کاتێک حکوومەتێک دەهۆڵی ناڕەزایەتی لێ دەدات، بێگومان شتێکی هەڵە لەم نێوەدا هەیە. ناڕەزایەتییە ڕاستەقینەکان هەمیشە دژی دەسەڵاتە دەوڵەتی و حکوومییەکان بوون، ئێستا مەکینەی پڕوپاگەندە بە سانایی ئەمەشی پێچەوانە کردووەتەوە، حکوومەتەکان سەدان هەزار خەڵک کە تا ئێستاش دەیان چەوسێننەوە، دەهۆڵی جەنگ و ناڕەزایەتییان بۆ لێ دەدەن و دەیاننێرنە شەقامەکانەوە، هەڵبەت نەک دژی خۆیان، بەڵکوو دژی داتاشینی وێنەی وەهمیی دوژمن.

جگە لەمانە، ئێستا سەردەمی سانسۆر، قەدەغەکردن، دەرکردن دەستی پێ کردووە، هەموو میدیای ڕووسی، لایەنگری ڕووسی بلۆک کراون، هەر کەسێک بەڕاشکاوی ئیدانەی پوتین نەکات لە کارەکانی دەردەکرێت، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی لە زانکۆی میلانی ئیتاڵیا دۆستۆیڤسکی بە هۆی ئەوەی نووسەرێکی ڕووسە، قەدەغە بکرێت و کتێبەکانی لە کتێبخانەی زانکۆ کۆ بکرێنەوە، بەکورتی شەپۆل و میزاجێک سەری هەڵداوە دژی هەر شتێکە بۆنی ڕووسیبوونی لێ بێت، جا دۆستۆیڤسکی، ئایزنشتاین، گۆگۆل، تۆلستۆی، چیخۆڤ بێت یان ڤلادیمیر پوتین، هیچ جیاوازییەکی نییە. ئێستا کە هەموو شتێک قەدەغە کراوە و کۆی میدیای ڕووسی لە وڵاتانی خۆرئاوا بلۆک کراوە، تەنها ڕێگای گەیشتن بە حەقیقەت میدیای پڕوپاگەندەی خۆرئاوایە و دەروازەیەکی دیکە بوونی نییە